# سیریلانکا

**ئەم خەباتەی پڕۆلیتاریا لە سیریلانکا (١)تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی وخەباتێکی سەرتاپاییی ژیانە، دژ بە دەسەڵاتی جیهانی سەرمایە.**
**دژ بە جەنگی سەرتاپایی برسیکردن و داڕووتان و لەناوبردنی جیهانی چەوساوەکانە سەر بەڕاپەڕینی جیهانی بی سنوور و سنوور بەزێنی( لوبنان، ئێران، هیندستان ، عیراق ، کوردستان، سودان ،فەرەنسا، کەنەدا، پیرۆ ..)  پڕۆلیتاریایە ، دژ بە بوونی سەرتاپاییی سەرمایە، بە سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگا ، بە چەوساندنەوەو کۆیلایەتی مرۆڤایەتی**
**شەڕی دەست بەجی و دەستەو یەخەی پرۆلیتاریایە ، دژ بە شاڵاوی لەناوبردن و بە هیرشی جیهانی دەسەڵات بو سەر خودی ژیان**
**دژ بە چینی سەروەرە ، بە پیکهاتەکانی حکومەت و خانەوادە و هیز و پایەکانی بوون و دەسەڵاتەکەیەتی**
**ڕاپەڕییون، دژ بەو  سیستەمە جیهانییەی کە ئەوەتەی هەن ئەیان چەوسێنێتەوەو ژیانیان لە مەمرەومەژیدا هەڵ ئەسوڕێنێت، ئێستاش فەرمانی ڕووتانەوەی تا سەر یەسقان و لەنابردنی بە کۆمەڵی بۆ دەرکردون، بۆ ئەوان و بۆ زۆربەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، سەرچاوەکانی ژیانی لێگرتوونەتەوەو بەرەو هاڕین و  لەناوچوون ئەیان بات**




**بە لێشاو شکاندی مەنعەتەجەول و گشتی کردنەوەی خەبات و پەکخستنی وەزارەتەکان و  هەڵاتنی بەکۆمەڵی وەزیرەکان**

بەرەو بەرفراوان کردن و بەردەوامی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی، دژ بە جەنگی جیهانی سەرمایە
بەرەو شۆڕشی گلۆبالی ، بۆ ڕامالینی کۆمەڵگای زۆرداری جیهانی و هەموو دەسەڵاتەکەی
بڕوخێت ئابووری سیاسی، بە هەموو پیکهاتەو دامەزراوەکانیەوە، کە بوونەکەی گوشین و چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی و بنیات نان و پەرەپێدانی کۆمەلگای سەرمایەیە
بڕوخێت فەرمانڕەوایی و سەرکردایەتی جیهانی، بەهەموو بەشەکانی دەسەڵات و ڕیکخراوەکەیەوە، کە ئیشەکەی داکوتانی سەرمایەیە وەک سیستەمێک و دیکتاتۆریەتێک، بەسەر بوونی ژیان وبەسەر مرۆڤایەتی دا
بڕوخێت دەوڵەت، بە هەموو حکومەت و حیزب و سوپا و دامەزراوەکانیەوە، کە ئیشەکەی سەپاندنی دیکتاتۆریەتی جیهانی سەرمایە و ڕیک خستنی کۆمەڵە لە چوارچێوەی خۆی دا
بڕوخێت جەنگی مێژوویی و جیهانی و خۆی لە خۆی دا لە کۆتایی نەهاتووی سەرمایە،
بڕوخێت ئەم جینۆسایدە جیهانییەی ئەم سەردەمەی سەرمایە دژ بەژیان و سەرتاپای بوونە زیندووەکان



پەلامار بۆسەر ماڵی سەرۆک کۆمار. ڕامالینی دەسەڵاتداران و لەناو بردنی دەسەڵات

“thousands of people defied a weekend curfew on Sunday to protest across the island . *All 26 ministers aside from the president and the prime minister step down as anti-government protesters defy curfews.”*

**ڕامالێنی دەسەڵات.. ڕامالین..ڕامالێن**

**گشتی کردنەوەی خەبات ..گشتی کردنەوە.. گشتی کردنەوە**

**دیکتاتۆریەتی ئینتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریا، بی سڵ کردنەوە**

**ڕوەو شۆڕشی گڵۆبالی و سەپاندنی کۆمەڵگایەکی مرۆییی**

**بەرەو مرۆڤایەتیەکی سەرتاپاییی**

***بەرەو کۆمۆنەی مرۆڤایەتی، بەرەو کۆمۆنیزم***

***globalrevolt22@riseup.net***




***هیرش کردنە سەرگەڕەک وماڵی سەرۆک کۆمار***

---

١) ئەم بەیانەی کە **بەناونیشانی سیریلانکا یە**، لەڕاستیا لەسەر سیرانکا نیە وەک وولات، وەک ناوچە ! بەڵکو لەسەر بەرپەرچدانەوەکانی ئەمڕۆی پڕۆلیتاریایە، وەک بزووتنەوەیەکی ئومەمی و وەک بوونێکی مرۆییش، دژ بەو جەنگە جیهانییەی کە سەرمایە ، وەک سیستەمێکی تۆتالیتی جیهانی، سەپاندوویەتی لەجیهاندا و هەوڵی دەستدرێژی کردنی زیاتریش ئەدات(تا بۆی بلوێ) بۆ داکوتانی قولتر و کۆنتڕۆڵکردنی زیاتری خۆی. سیریلانکا، تەنها محەتەیەک و مەیدانیکی ئەم ململانێیەی نێوان تۆتاڵیتی سەرمایە- جەنگی جیهانی سەرمایە، و خەباتی نێونەتەوەیی- مرۆیی پڕۆلیتاریایی جیهانیە. ململانێی نێوان ئەو جەنگەی کە ئەیەوێت مرۆڤایەتی یان قوت بات لە خۆیدا ( کۆیلایەتی- هاڕین-شیواندن، دروستکردنەوە... ) یان بیسڕیتەوەو لەناوی بەریت، وە ئەو خەباتەی پڕۆلیتاریاش کە ئەیەویت ئەم بوونەی سەرمایەو شاڵاوەکانی کۆتایی پێ بێنێت.

ئەم بەیانە مان تەعبیر لەم ناکۆکی و ململانێ سەرتاپاییە ئەکات ، و لیرەشەوە پیویستە ببینرێت و ببەسترێتەوە بە هەمان خەبات لە مەیدانەکان و محەتاتەکانی تری ئەم ململانێ جیهانیەوە، بۆ نموونە هندستان، کازاخستان، لوبنان، عێراق، کوردستان، ئێران، پیرۆ و ناوچەکانی تر.

ئەبێت ئەوەش پشت گوی نەخرێت ، وەک هەموو ململانێی و خەبات و ڕاپەڕینەکانی تر ی دژ بەم تۆتاڵیتییەی سەرمایە لە سنووری وولاتەکاندا، کە سەرمایە هەر لەهەمان کاتدا کە دەست پێشخەری فعلی ئەکات لە داسەپاندنی دیکتاتۆریەتەکەی (بەلولەی تفەنگ یان بە دەرمان یان بە برسیتی...)دا دژ بە کۆی مرۆڤایەتی، بەڵام هەوڵی ئەوەش ئەدات کە ئەم ململانێ یەی نێوان خۆییی و بەشەریەت، بکات بە شەڕی نێوان حکومەتێکی گەندەڵ و چەوساوە داماوەکان، نێوان دەستەیەکی دیکتاتۆر لە وولاتێکدا و گەلانێکی مەزڵوم، نێوان "دەوڵەتێکی پەلامادەر " و "دەوڵەتێکی بەرگری لەخۆ کەر"، بیکات بە دیاردەیەکی ناوچەییی و محەلی و گەندەڵی و نادیمۆکراسیانە لە بەڕیوەبردندا. بیکات بە نەبوونی پیشکەوتن و نەبوونی دیمۆکراسیەت ، سەرخستنی دیمۆکراسیەتیش و بەهێزکردنی دەوڵەت بکاتە ئامانجی دژایەتیەکە. واتە خەباتەکەی پڕۆلیتاریا لەخۆی دا بقۆزێتەوەو بی هاڕیت. واتە ململانێکە بکاتە خەباتی ناو سەرمایە خۆی، ناو دیمۆکراسیەت خۆی، ناو دەوڵەت خۆی. بە چیرۆک و ئامارەکانی گەندەڵی ئابووری و دیمۆکراسی بیڕازێنێتەوە و خەسان و خلەفاوی گشتی پێ بەرهەم بێنێت: " دیمۆکراسیەتیان نی یە بۆیە ڕاپەڕیوون!"، "حکومەتەکەیان گەندەڵ و دواکەوتووە، بۆیە ڕاپەڕییوون!" .... سەیری خۆپیشاندانە نەقابی و چەپ و دیمۆکراسیەکان بکە ، کە لەلایەن حیزب و کەسایەتیە دیمۆکراسیە ناڕەزاکانەوە لە سیریلاکا( لەهەموو وولاتەکاندا) سەرکردایەتی ئەکرێت، ڕێک ئەم قۆستنەوەیەی سەرمایەیی جیهانی دژ بە ڕاپەڕین، و بە ناوی ڕاپەڕینەوە نیشان ئەدات. ڕێک حەملەیەکی داڕێژراوی بە تەنزیم نیشان ئەدات ، لەلایەن دەسەڵاتی جیهانی سەرمایەوە ، بۆ شاردنەوەی بزووتنەوەکە ،تا بۆیان بکرێت، و شیواندنی بزووتنەوەکە و دەستپێشخەریەکانی، گەر نەیان توانی بیشارنەوە، قەتڵ و عام کردنی و کردنی بە حەربی ناوچەییی ، گەر بۆیان کرا و بوو بە پێویست .

وەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیش سەرمەشقی هاندان و هۆنینەوەوی ئەم قۆستنەوەیە و شێواندنی خەباتەکەن و بەرهەم هێنانەوەی دیمۆکراسیانەی ڕووداوەکانن( تێکەڵ کردن، پچراندن، مونتاج، ڕیپۆرت تاج، زل کردن و بجووک کردنەوە.....) ، و ئەمەیان کردۆتە پڕۆگرامی ڕاگەیاندن و گەیاندنی خۆیان و دەوڵەت و دیمۆکراسیەت بەهێز ئەکەنەوە، و تەنانەت "خەباتگیرە" بێ ئاگاو کاڵ و کرچەکانیش ئەکەنە گوێڕایەڵ و خطاب دەری خۆیان

تێگەیشتن لە ڕاپەڕینی پڕۆلیتاریا لە سیریلانکا، هەر وەک لوبنان، ئێران، پیرۆ...ئەبێت لەم بوونە تۆتاڵیتیە و خەباتی نێوان سەرمایەو مرۆڤایەتی یەوە بێت ، نەک لەباری ناوخۆییی وولاتەکەوە! واتە بە بەستنەوەی ئەم شەڕە بە بوونی سەرمایەو بە و دەستدرێژیانەی کە ئەمڕۆ بەخەستی ئەیکات لەسەر ئاستی سییستەمەکەی و لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگا

لە سەرتاپای بڵاوکراوەکانماندا، بە چەندین زمان و ئاست ، تەعبیر مان لەم ململانێ تۆتاڵیتییەی نێوان جینۆسایدی سەرمایە و خەباتی مرۆڤایەتی کردووە.بڕوانە سایتەکانمان و بڵاوکراوکانی.

واتە لە محەلیەوە نەڕوانرێتە ئومەمیەت و جیهانی بوونەوە ی ناکۆکی و شەڕەکە، بە پێچەوانەوە، لە کولیەتی سەرمایەو جەنگی جیهانی و کولیەتی مرۆڤایەتی و ئومەییەتی پڕۆلیتاریاوە بێین بۆ ڕووداوە محەلیەکان



شکاندنی سیمای دەوڵەت و هیرش کردنە سەر بنکەکانیان